## بیبی مۆخیکا, پێوەر بۆ ئەخلاقی سەرۆک

عەلی مەحمود محەمەد

کاتێك پزیشكەكەی لە سەرەتای ئەمساڵدا هاتە لای بۆ ئەوەی ئاگاداری بكاتەوە كە پشكنینی تاقیگەیی دەریخستووە كە جەستەی وەڵامی دواین چارەسەری ئەو شێرپەنجەیە ناداتەوە كە ساڵانێكە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، موخیكا سەرۆكی پێشووی ئۆرۆگوای وتی: كاتی ئەوە هاتووە كە من بڕۆم، منیش بە ئامادەییەوە چەكەكەم دادەنێم". بەم شێوەیە ئەم چەند مانگەی بە هێمنی بردە سەر, تەنانەت سەرەتای ئەم مانگە نەیتوانی بەشداری هەڵبژاردنی شارەوانیەكانی وڵاتەكەی بكات و دەنگ بە پارتەكەی بدات.,
مەرگ ئەوەندە دڕندە بوو رێگای نەدا هەفتەی داهاتوو ئاهەنگی 90 ساڵەی لە دایك بوونی بگێڕێت, بەلام بەشداری سەركەوتنی كاندیدەكەی لە ساڵی 2024 بۆ پۆستی سەرۆك كۆماری یاماندۆ ئۆرسی لە بەرەی بەرفراوانی چەپگەرا كرد, ناوی سەركەوتنەكەی نا دیاری بەجێهێشتن.
تا مرد لە گەڵ سەگەكەی مانوێلا و تراكتۆرە مۆدێل 1987 ەكەی ئۆتۆمۆبیلە فۆلكس فارگۆنەكەی بوو كێڵگە كشتوكاڵییەكەی لە لادێ بەجێ نەهێشت, لە گەڵیان سەری نایەوە, وەلێ كولتورێك لە رەوشت بەرزی و ئازایەتی بۆ مرۆڤایەتی جێهێشت..

## بیبی كێیە؟؟؟

خوسی ئەلبەرتۆ مۆخیكا كوردانۆ ناسراو بە بیبی لە باوكێكی بە رەچەڵەك باسكی-ئیسپانی بە ناوی دیمیتریۆ و دایكێكی ئیتاڵی بەناوی ولوسی كوردانۆ لە 20ی ئایاری ساڵی 1935 لە شاری مۆنتفیدیۆی پایتەختی ئۆرۆگوای لە دایك بووە, لە تەمەنی 6 ساڵی باوكی مردووە, بۆ هاوكاریكردنی خێزانەكەی ملی كاركردن دەگرێتە بەر لە كێڵگەی كشتوكاڵی, لە تەمەنی 13 ساڵییەوە خولیای پاسكیل سواری بووەو پەیوەست بووە بە چەندین یانەی وەرزشییەوە, لە تەمەنی لاویدا پەیوەست دەبێت بە پارتی یەكێتی گەلەوە, دواتریش تێكەڵاو بە بزووتنەوە چەپگەراكان دەبێت, تەمەنی 15 ساڵ نەبوو, بەشداری خۆپیشاندانی كردووە بۆ كرێ دادپەروەرانە بۆ كرێكاران, زانكۆ تەواو ناكات خولیای سیاسەت دەبێت, سەرەتا بیری نەتەوەیی دەبێت, لە

گەشتی سیاسی بۆ کوبا جیڤارا دەبینێت, لە ساڵی 1964 ەوە چووە ریزی بزاڤی تۆبامارۆسەوە, دوای 8 ساڵ لە پێشینەی کاری سیاسی لە ریزی بزاڤی چەپ, لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا بزووتنەوەکە بە شێوەی فەرمی خۆی راگەیاند, کە لەساڵی 1960 دامەزرابوو لە لایەن راول سانديکەوە, لە 2 ساڵی پێشوتر لە لایەن دامەزرێنەرانییەوە کاری سەربازی ئەنجامدرابوو, وەلێ وەك رێکخراو بە فەرمی خۆی رانەگەیاندبوو, مۆخیکا جەنگاوەرێکی گەنجی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی تۆبامارۆس بوو, بە توندی داکۆکی لێدەکرد و تا مەرگ باوەڕی پێ بوو .
بیبی لە ژیانی گەریلاییدا 4 جار زیندانی کراوەو 9 گولەی پێوەیە, لە چەندین چالاکی سەربازییدا لە ناوجەرگەی پایتەخت بەشداری کردووە, کە سروشتی بزووتنەوەکەو وڵاتەکە وابوو خەباتی ناو شار هەڵبژێرن, بەهۆی ئەوەی وڵات شاخی تێدا نەبوو, گەریلا مارکسیستەکانی تۆبامارۆس تێکۆشانە چەکدارییەکەیان زۆرجار لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان ئەنجام دەدا بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانیان, ئەمە جیای دەکردنەوە لە بزاڤە چەکدارییەکان دی, بۆیە گۆڤاری تایمی ئەمەریکی نووسی ئەمانە لەسەر شێوازی رۆبن هود خەبات دەکەن .
بیبی لە ساڵی 1969 بەشداریکردووە لە گرتنی شاری باندۆی نزیك پایتەخت, کە بۆ ماوەیەکی کەم تۆبامارۆسەکان دەستیان بەسەردا گرت.
لە دوا نیوەرۆیەکی ساڵی 1970 بیبی لە گازینۆیەك لەگەڵ هاوڕێیانی دانیشتبوون لە بیر لافیای پایتەخت دوای ئاشکرا بوونی لە لایەن پۆلیسەوە, لە شەڕێکی دەستەویەخەدا دوو پۆلیس بریندار دە کات و خۆشی 6 گولە بەر سنگی دەکەوێت, لە نەخۆشخانەی سەربازی هاوڕێیەکی چارەسەری دەکات 12 بوتڵ خوێنی دەداتێ, دواتر دەینێرن بۆ زیندانی بۆنتا کارێتاس , مۆخیکا لەو زیندانە هەڵدێت, مۆخیکا لە
ئەو لە نێو زیاتر لە 106 توپامارۆسیە و 5 زیندانییەی دی بوو کە لە مانگی ئەیلولی ساڵی 1971 لە زیندانی پۆنتا کارێتاس هەڵهاتن بە هەڵکەندنی تونێلێك لە ناو زیندانەکەوە کە دەچووە ژووری میوانی خانوویەکی نزیك, کە بە یەکێك لە نەبەردییە گەورەکان مێژووی نوێ دێتە ژماردن و کراوە بە فلیمی بەناو بانگی ز دۆگ, موخیکا دوای کەمتر لە مانگێك دوای هەڵهاتنی جارێکی دیکە دەستگیرکرایەوە, بەڵام لە نیسانی ساڵی 1972دا جارێکی دیکە لە پۆنتا کارێتاس هەڵهات. لەو بۆنەیەدا ئەو و نزیکەی دوانزە هەڵهاتووی دیکە لە تونێلەکەوە هەڵهاتن کە لە لایەن توپامارۆسەکانەوە لە دەرەوەی زیندانەکەوە هەڵکەندرابوو.

جارێکی تر بۆ دواجار له ساڵی 1972 دەستگیرکرایەوە، نەیتوانی بەرەنگاری دەستگیرکردن بێتەوە. لە چەند مانگی دواتردا وڵاتەکە تووشی کودەتای سەربازی ساڵی ١٩٧٣ بوو، لەم نێوەندەدا موخیکا و هەشت توپامارۆی دیکە بە شێوەیەکی تایبەت هەڵبژێردران بۆ ئەوەی لە ژێر دەستی سەربازیدا بمێننەوە وەك بارمتە و لە دۆخێکی خراپدا بمێننەوە. بە گشتی ١٣ ساڵ لە دیلدا ژیانی بەسەر بردووە.
ئابی 1972 , لە کاتێك خەوتبوو لەو دەشتە, بە رەشاش و بۆمبێکی دەستییەوە دەستگیرکرایەوە, 13ساڵ لە زیندانی تاکە کەسییدا بوو, خۆی و هاوڕێکانی هیچ کەسێکیان نابینی, 7 ساڵ پەرتوکیشیان پێی نەدا بیخوێنێتەوە, زیندانەکان میزی خۆیان دەخواردەوە, گەورەترین کێشەیان میز کردن بوو, تا دایکی میزدانێکی بۆ هێنا, وەلێ پۆلیسەکان نەیاندا پێی, تا رۆژێك لە بەردەم شاندێکی بیانی ناڕەزایەتی دەربڕی و بووە خاوەند جێیەك تا میزی تێدا بکات, کە لە زیندان ئازاد کرا لە ساڵی 1985 میزدانەکە بەشانییەوە بوو , بەخۆی میزدانەکەیەوە لە دەرگای زیندان هاتە دەرەوە بەرەو ئازادی و خەباتی سیاسی پاش ئەوەی وڵات گۆڕا بۆ دیموکراسیەت.
بەهۆی ئەوەی چەندین جار لە زیندان هەڵات و گرترایەوە, بۆ زیندانی ژوری تاکە کەسی لە ناو بیرە قوڵەکان گواسترایەوەو 2 ساڵ لەو جهەنەمە بە تەنها مایەوە, پانتایی زیندانەکەی تەنها مەترێکی چوارگۆشە بوو, لەناو بیرەکە بۆقی بەخێودەکرد و جرجی تێر دەکردو زۆر لە کاتەکان لە زیندان تەنها مێرولەی دەبینی و هاوڕێی بوون.
بیبی یەکێك بو لە 9 بارمتەیەی تۆبامارۆس کە رژێم هەڕەشەی کرد بە لە سێدارەدانیان ئەگەر رێکخراوەکەی چەك هەڵبگرێتەوە.
13 ساڵی دوایی بێ دادگایی زیندانی کرا, وەك دیل لای سوپا هێڵرانەوە , کە هاورێکانی دەست بدەنەوە چەك ئیعدام دەکرێن.
بیبی بەردەوام لە زندانەوە لە پەیوەندیدا بوو لە گەڵ راول ساندیکی دامەزرێنەری تۆبامارۆس, لە ئازاری ساڵی 1985 لەو کاتەی لێبوردنی گشتی درا بۆ زیندانیان درا و دیموکراتیەت گەڕایەوە بۆ وڵات , حکومەتی دیکتاتۆری کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیوانی بوو روخا, لە گەڵ رائۆڵ سندیك ئەنتۆناشیۆ
و 11 لە سەرکردەکانی دی تۆبامارۆس بە یەکەوە ئازاد کران, ئیتر لێرەوە قۆناغێکی دیکەی خەباتی ناو شار دەستی پێکرد.
کە خۆی و خۆشەویستە گەریلاکەی لە زیندان دەردەچن, بەهۆی خراپی گوزەرانەوە, خۆی کاردەکات لە کێڵگەی کشتوکاڵی و هاوسەرەکەی لۆسیا

تۆبۆلانسکی(25-9-1944-) " ئەندازیاری تەلارسازی, لە ساڵی 1969 پەیوەست بووە بە تۆبامارۆسەوە, لە کاتی چالاکی سەربازی ناسی, کە دواتر دەبێتە جێگیری سەرۆك کۆمار" لە بارێکدا کار دە کەن تا ساڵی 1986.

" لوسیا لە ساڵی 1967 ەوە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ مۆخیکا دەبەستێت و پێکەوە ژیاون، جگە لە 13 ساڵ دابڕانی سەردەمی زیندانی مۆخیکا، لە ساڵی 2005 هاوسەرگیرییان کردووە، لە هەڵبژاردنی 31 ی ئۆکتۆبەری 2004 دا، سەرۆکایەتی لیستی چەپی بەرەی بەرفراوانی کردووەو و بە تەنها زیاتر لە پارتی کورالادۆی دەسەڵاتداری ئەوکات دەنگی هێناوەتەوە "

بیبی هەرچەندە چەندین جار لە دزینی بانکەکان بەشداریکرد بۆ هاوکاری خەڵك, رۆبن هودێکی راستەقینە بوو, بەلام کە لە زیندان دەرچوو تەنها خاوەند میزدانێك بوو بە شانییەوە, سامانەکەی هەر هێندە بوو.

**بیبی و بزوتنەوەی تۆبامارۆس**

تۆبامارۆس یەکێك لە گروپە چەکدارە ئەفسانەوییەکانی ئەمەریکای لاتین , کە لە سەرتاسەری جیهان لایەنگر و بزاڤ و دەرویشی خۆی هەبوو, ئەم رێکخراوە بەناوی تۆباك ئەمارۆی دووەم (هیندییە سورەکانە) ناو نرا کە سەرکردەیەکی ئەلینکای ئەمەریکای لاتین بوو لە ساڵی 1572 بە دەستی ئیسپانیەکان کوژرا.

بەرەی رزگاری نیشتمانی FLN ناسراو بە (Tupamaros ) لە ساڵی 1960 لە ئۆرۆگوای لە لایەن گروپێك کەسانی مارکسیەوە بە سەرۆکایەتی راول ساندیکی مارکسیستی پارێزەرەوە دامەزرا ("راول ساندیك ئەنتۆناکسیۆ لە بەرواری 16-3-1925 لە دایك بووە, لە بەرواری 27-4-1989 کۆچی دوایی کردووە, بە پسپۆری پارێزەر, وەلێ نەیان هێشت ببێتە خاوەند پیشەکە, لە پەنجاکان پەیوەست بوو بە پارتی سۆسیالستی ئۆرۆگوایەوەو وەك پارێزەرانی کرێکارانی کشتوکاڵی دەستی بەکار کرد,لە کۆتایی پەنجاکان بزووتنەوەیەکی دروست کرد بەناوی لە گەڵ ساندیکا دەبینە خاوەند زەوی, لە ساڵی 1958 نوێنەرایەتی سۆسیالستەکانی ئۆرۆگوای کرد لە کۆنگرەی سۆسیالستی جیهانی لە کوبا, بووە پارێزەری یاسایی کرێکارانی پیشەسازی شەکر, باوەڕی بە نا ناوەندی لە بەڕێوەبردن هەبوو لە ژێر کاریگەری فکری برۆدۆندا, هەرچەندە لە خەباتی چینایەتی

پەیڕەوی لە بۆچونەكانی ماركس دەكرد, لەساڵی 1962 گروپی كاری راستەوخۆی دروستكرد, دوایی گۆڕا بۆ كۆمەڵەی تەنسیق, پاشان بوو بە تۆبامارۆس, لە ساڵی 1962 لە گەڵ كرێكارانی قامیشی شەكر پەلاماری یەكێتی ئۆرۆگوایان دا لە شاری مۆنتینیگرۆی پایتەخت و سوتاندیان , ئەمە یەكەم چالاكی رێكخراوەكە بوو, لە ساڵی 1963ش پەلاماری یانەی سویسرایان دایەوە لە پایتەخت و چەند چەكێكیان بە دەستكەوت گرت كە بووە هەوێنی بزوتنەوە چەكدارییەكەی تۆبامارۆس, مێژووی چالاكیەكەش بە بەرواری دامەزراندنی تۆبامارۆس داریكرا, لە ساڵی 1963 بەهۆی هەوڵی گرتنی راول سادیكەوە لە لایەن حكومەتەوەو خۆشاردنەوەو یاخی بوونی سەرۆكەكەیەوە, رێكخراوەكە چووە قۆناغی خەباتی ژێر زەمینییەوە, بەشێك لە هاوەڵانی سانديك خۆیان تەرخان كرد بۆ پاراستنی راول سادیك و بەشەكەی تریان بۆ راهێنانی سەربازی چوون بۆ كوبا, لە ئابی 1970 دەستگیر كرا, لە سەپتەمبەری 1971 لە گەڵ 105 تۆبامارۆس كە بیبیشی لە گەڵدا بوو, لبە یاوەری 6 زیندانی دیكە هەڵاتن.لە یەكی سەپتەمبەری 1972 لە روبەروبونەوە لە گەڵ پۆلیس لە شاری مۆنتیفیدیۆی پایتەخت, پاش بریندار بوونی بە سەختی لە دەموچاوی دەستگیر دەكرێت, دوای 13 ساڵ زیندانی لە ئازاری 1985 لەگەڵ سەركردەكانی دیكەی تۆبامارۆس بە لێبوردنی گشتی ئازاد بوو ") .

بەهۆی ئەوەی ئەو كات 80%دانیشتوانی ئۆرۆگوای شارنشینی بوون و نزیك بە نیوەیان لە شاری مۆنتینیگرۆدا دەژیان و لایەنگرانیان لە پایتەختدا بوون, هاوكات وڵات شاخی تێدا نەبوو وەك ئەو وڵاتانەی ئەوكات چەپەكان تیایاندا دەستیان دابووە خەباتی چەكداری دژ بە زەبروزەنگی سوپاس و حكومەتە راستگەراكانی پاشكۆی ئەمەریكا, بۆیە تۆبامارۆسییەكان خەباتی خۆیان لە شارەكانەوە دەستپێكرد بەتایبەت پایتەخت كرایە چەقی خەباتی چەكدارییان.

ئەم رێكخراوە لە یەكگرتنی چەندین گروپی ماركسیستی سەر بە دەستە و بۆچونی جیاجیا پێك هات ژمارەیان لەسەروبەندی گەشەكردندا بە 6000 بۆ 10000 گەریلا دیاریدەكرا, كە پێك دەهاتن لە سۆسیالستەكان و ماوی و ئانارشیستەكان ......, هێزەكانی دەوڵەتیش لە 12000 سەرباز و 22000 پۆلیس پێك دەهات.

ئامانجیان لە خەباتی چەكداری ناو شار ئەوەبوو زەمینەی شۆرشی سۆسیالستی خۆش بكەن, كە ئیلهامیان لە شۆڕشی كوباوە وەردەگرت,چالاكی تۆبامارۆسییەكان لە كۆتایی شەستەكان و سەرەتای

حەفتاكان زیادی كرد كە بریتی بوو لە رفاندنی كەسانی كاریگەر لە ریزی حكومەت لە پێناو ئاڵوگۆڕپێكردنیان بە بەندكراوەكانی رێكخراوەكە و دەستبەسەردا گرتنی بانك و خۆراك و دابەشكردنی بەسەر هەژاراندا, رفاندنی كەسانی گەندەڵ لەناو حكومەت, سوتاندنی لقی كۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆر, رفاندنی فەرمانبەرانی پلە باڵای بانكەكان, چالاكیەكانی رێكخراوەكە لە ساڵی 1972 سنوری ئۆرۆگوای تێپەڕاند و پەڕیوەوە بۆ وڵاتانی دەوروبەر و مەترسی لەسەر وڵاتانی راستگەرای نۆكەرو پاشكۆی ئەمەریكای لەناوچەكە دروستكرد, لە مەكسیك بزووتنەوەی 23ی سەپتەمبەری كۆمۆنیستی و چەپی شۆرشگێر لە شیلی و سوپای سور لە یابان و گروپی سوپای سور ناسراو بە راف لە ئەلمانیا و ئەلویەی سور لە ئیتاڵیاو گەریلا چەپگەراكانی توركیا و فەنزوێلا .....ئیلهامیان لە تۆبامارۆسەكان وەردەگرت و هەمان رێچكەی تێكۆشانیان گرتە بەر, بەهۆی ئەو چالاكییە سەركەوتوانەی تۆبامارۆسییەكان ئەنجامیان دەدا كە لە بەرژەوەندی خەڵكدا بوو .

بزووتنەوەكە چالاكییەكانی بە پەلامار بۆ سەر بانكەكان و كۆمپانیاو ئەو شوێنانە دەست پێكرد كە خواردنی زۆر لێبوو پاشان بەسەر هەژاراندا دابەشیان دەكرد , بۆیە لەسەرەتاوە وێنای رۆبن هودی بەخۆوە بینی كە ئێستا بۆتە ئارمی بزووتنەوە نارەزایەتیەكانی هەژاران كە بە بزووتنەوەی 99% ناسراوە لە سەرتاسەری جیهان.

لە ساڵی 1969 ئەمەریكا دان میتریۆنی لە ئێف بی ئایەوە نارد بۆ ئۆرۆگوای تا بە ناوی رێكخراوی ئەی ئای دی مرۆڤ دۆستەوە كار بكات, بۆ راهێنانی پۆلیسی ئۆرۆگوای بۆ سەركوتكردنی بزووتنەوەی تۆبامارۆس, كە پێشتر ناوبراو لە سەرەتای شەستەكان لە پێكهێنانی تیمەكانی مەرگ لە بەرازیل دژ بە چەپگەراكان هەمان رۆڵی هەبوو, لێ لە ئۆرۆگوای كاری ناوبراو راهێنانی پۆلیس بوو بۆ ئەشكەنجە دان بە كارەبا, تۆبامارۆسییەكان توانیان ناوبراو برفێنن و لە بەرامبەریدا داوای بەردانی زیندانییەكان بكەن, بەڵام كە وەڵامیان نەدرایەوە كوشتیان, بەهەمان شێوە باڵوێزی بەریتانیاشیان رفاند.

بەهۆی قەیرانی دارایی و گەندەڵی حكومەت لە ساڵانی 1970 بۆ 1971 حكومەتی ئۆرۆگوای پشتیوانی گەلی لە پشت نەما و كەوتە ناو قەیرانەوە, لە مانگی نۆڤەمبەری 1971 بڕیاردرا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكان چەپەكان بە تۆبامارۆسییەكانەوە بەرەی بەرفراوان (ئەمپیلۆ)یان دامەزراند, سەرجەم پارت و رێكخراوە

چەپگەراکانی ئۆرۆگوای لە ریزەکانی خۆی کۆکردەوە لە سۆسیالست و شیوعییەکانەوە تا لاهوتی ئازادیبەخش , توانیان 18,6%ی دەنگەکان بهیننەوە, ئەمە یەکەم بەشداری تۆبامارۆسییەکان بوو لە هەڵبژاردنەکان, لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان پارتی سور توانی 40,3%ی دەنگەکان بهێنێتەوەو حکومەت پێك بهێنن و بەدوایدا بڕیاری شەڕی تۆبامارۆسی دا و تیسرەواندنی کاریگەریان لە بزووتنەوەکە دا و سەرۆك و 12 سەرکردەی دیکەیان لە ناویاندا بیبی کەوتنە زیندانەوە تا لە ساڵی 1985 ئازادکران, هاوکات لە بەرواری 27-5-1972 زیندانی گەل کە دیلەکانی تۆبامارۆسییەکانی تێدا بوو لە پایتەخت ئاشکرا بوو کە باڵوێزی بەریتانیا جیفری جاکسۆن لەناو دیلەکاندا بوو, پەلاماری زیندانەکە درا, بەدوای شکستهێنانی سەربازی بەسەر تۆبامارۆسدا کودەتای سەربازی ئەنجامدراو پارتە سیاسییەکان قەدەغەکران و پەرلەمان هەڵوەشایەوە .
لە ساڵی 1989 کە ساڵی مردنی راول ساندیکی دامەزرێنەرە, تۆبامارۆسییەکان بزووتنەوەی بەشداری خەڵکیان دامەزراند کە لە گەریلاکانی پێشوو و چەند گروپێکی دیکە پێك دەهات, بۆ هەڵبژاردنی ساڵی 2004 بەرەی بەرفرانیان راگەیاند کە لە 18 پارت و رێکخراوی سیاسی پێك دێت لە گەریلاکانی تۆبامارۆسەوە بۆ شوعیەکانی سەر بە سۆڤیەت و سۆسیالستەکان و سۆسیال دیموکراتەکان و دیموکراتە کریستانەکان و لاهوتی رزگارییەخش ......... .
لە کۆتایدا یادگارییەکی رۆبون هودیانەی تۆبامارۆسییەکانتان بۆ دەگێڕمەوە, شەوێك تۆبامارۆسییەکان دەدەن بەسەر یانەیەکی دەوڵەمەندەکاندا یەکێك لە دروشمە هەرە بەناو بانگەکانیان لەسەر دیواری یانەکە دەنووسنەوە ((یان هەموو سەما دەکەن, یان کەس سەما ناکات)), لەوساوە ئەم درووشمە بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بوەوە, بە پێچەوانەی سەرمایەدارەکانی کوردەوە کە دەڵێن خەبات دەکەین لە داهاتوودا ئێوەش وەك ئێمەتان لێبێت, نەك لە ئێستادا هەموو وەك یەك بین و پێکەوە سەما بکەین, وەك لە خشتە بردنێکی خەڵك, ئەمان وتیان یان ئێستا هەموو سەما دەکەین یان کەس سەما ناکات.
لە کۆتا رستەدا دەڵێم تۆبامارۆسییەکان خاوەند ویژدانێکی زیندوو بوون وەك کۆمۆنارەکان, بەڵام سیاسەت دەبێت ریالیستیانە بچێتە پێشەوە بۆ ئەوەی بەردەوام و سەرکەوتوو بێت, بۆیە لە قۆناغی یەکەم شکستیان هێنا, لە قۆناغی دووەم سەرکەوتن.

## تۆبامارۆس و خەباتی سیاسی

تۆبامارۆس لە ساڵی 1994 دوو ئەندامی پارتەکەی بۆ یەکەمجارچوونە پەرلەمانەوە یەکیان بیبی بوو, ئەو سەردەمە بەوە ناسرا بە ماتۆڕ هاتوچۆی پەرلەمانی دەکرد, دوای 11 ساڵ کە سەرکەتن لە هەڵبژاردنەان, بیبی لە نێوان ساڵانی 2005 بۆ 2008 وەزیری کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵی ئۆرۆگوای بوو لە یەکەم حکومەتی چەپگەرای لە مێژووی ئۆرۆگوایدا, پاشان لە پۆستەکەی دەستی کێشایەوە بۆ جێگیرەکەی وتی من شارەزایم لێ نییەو هەموو کارەکان ئەو دەیان کات با بۆ خۆی وەزیر بێت, لە مارسی 2010ەشەوە بووە سەرۆکی ئیکوادۆر, ئەو رۆژگارە کاتە بەتاڵەکانیان لەگەڵ هاوسەرەکەی کە لە روی حیزبییەوە بەرپرسی بیبیە خەریکی چاندن و پەروەردە کردنی گوڵن بون بۆ باشتر کردنی باری ئابوورییان, بیبی باوەڕی بە بیری ئاینی نەبوو, بۆینباخی نابەستی و بەرگی فەرمی سەرۆکایەتی لە بەرناکرد , بە شێوازە سادەییەکەی سەردانی وڵاتانی دەوروبەر و سەرۆکەکانیانی دەکرد, بەمەش بووە یەکێك لە سەرکردە ئاوازەکان .

بیبی هیچ ژمارەیەکی بانکی نەبوو بۆیە قەرزاریش نەبوو, پارەشیی نەبوو, ئەمە گەورەترین بەختەوەری بوو بۆ ئەو, بە نرخترین شت کە هەیبوو سەگەکەی بوو بەناوی مانوێلا و ئەو ئۆتۆمۆبیلە بۆقیە فۆلکس واگن بیتڵەکەی بوو کە نرخەکەی لە بازاڕی وڵاتەکەی بایی 1945 دۆلار بوو, لە وڵاتانی بیانی بە تایبەت یەکێتی ئەوروپا چەند سەد دۆلارێکی کەم زیاتر ناکات, لە موچە مانگانەکەشی کە 12500 دۆلارە تەنها 775 دۆلاری بۆ خۆی هەڵدە گرت ئەوی دیکە وەك سەردەمی گەریلاییەکەی بەسەر رێکخراوە خێرخوازییەکان و هەژاراندا دابەشی دەکرد رۆڵی رۆبن هودییەکەی لە دەستبەسەردا گرتنی بانکەکانەوە گۆڕیوە بۆ دابەشکردنی داهاتی خود, لە دابەشکردنی گیرانی سەرمایەدارانەوە بۆ دابەشکردنی گیرفانی خود.ئەو دەیووت ئەوەندەم بەسە زیاترە لە داهاتی زۆر لە هاووڵاتیانی وڵاتەکەم چونکە زۆربەی گەلەکەم بە برسیەتی دەژێن, بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شەرافەتمەندانە بژێم بەسمە.

لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی بیبیدا گەندەڵی بە ئەندازەیەکی زۆر بە پێی ئامارەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێو دەوڵەتی لە ئۆرۆگوای دابەزی , ئێستا ئۆرۆگوای یەکەم وڵاتە لە بواری کەمی گەندەڵی لە ناو وڵاتانی ئەمەریکا

لاتین و ناوەنددا, لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا هەژاری لە 38% ەوە دابەزی بۆ 11% , لانی کەمی کرێ بە ڕێژەی 100% زیاد کرد.
لەو کێڵگەیەی کە ستۆدیۆ 45 مەترییەی کە کەوتۆتە ناو کێڵگە کشتوکاڵییەکەی هاوسەرەکەیەوە, 14 پیاوی پیری دیکە دەژێن, لە دەوروبەری خانویان دروست کردووە, وەك پیرخانەی لێهاتووە, بیبی لە ناو گەڕەکەکان لە گەڵ مناڵان یاری دەکرد, سەماو قسەی خۆش لەگەڵ هاووڵاتیانی سەر ڕێگاکەی دەکرد, هیچ پارێزەر و شوفێرێکی نەبوو, تەنانەت ڕێگای ماڵەکەی خۆڵ بوو تا ئێستاش قیرتاو نەکراوە, لە روی بیروباوەڕەوە ئەو خۆی بە چەپێکی نیمچە ئانارشیست دەزانی, وێڕای ئەوەی قسەکەرێکی لێهاتوو زیرەك و وردە لە سیاسەت و خوێنەرێکی جدی بوو, هاوکات ئەفسانەیەکی ئەرێنی سیاسییە جیگواراو گاندی و ماندێلا لە کەسایەتی ئەودا هەموو پێکەوە ڕەنگیان دایەوە, وەك جیگوارا جەنگاوەر بوو, پاڵەوانی شەڕی شەقامەکان بوو, عاشقی پەرتووکە سورەکان بوو, وەك گاندی سادە بوو, تەنانەت لە چینی براهماش نەبوو, بۆیە نەهرۆو گاندی تێپەڕاند, وەك ماندێلا لێبوردەیە کە بووە سەرەك کۆمار لێپرسینەوەی لەوانە نەکرد 13 ساڵ بە ئەشکەنجەوە لە زیندان هێشتیانەوە, تەنانەت داوای لێیان نەکرد دان بەتاوانەکانیان بنێن و داوای لێبوردن بکەن وەك پرۆسەی داننان بە راستییەکانی باشوری ئەفریقا.
بیبی دژ جگەرە کێشان بوو, لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەودا کەوتە کێشەوە لەگەڵ کۆمپانیای فیلیپ مۆریس, هاوکات لەسەردەمی حوکمڕانی ئەودا , بڕیاری مافی لە باربردن, زەواجی هاوڕەگەزەکان , چاندنی مەرەگۆنا بە ئاشکرا درا, لە گەڵ ئەمانەشدا مرۆڤ دۆستێکی نێونەتەوەییە , بە شێوازی جیا پێشوازی کرد لە قوربانیانی شەڕی ناوخۆیی سوریا, لە کۆشکی کۆماری پێشوازیکرد لە 100 منداڵی هەتیوی سوری, هەرچەندە گەریلا بوو, بەشداری شەڕی شەقامەکانی دەکرد, لێ دژ بە جەنگ بوو, نەك تەنها لە ناو وڵاتەکەی لە دەرەوەش سادەو ساکاربوو, لەسەردەمی حوکمڕانیدا فڕۆکەی و ئۆتۆمۆبیلی تایبەتی و قافڵەی پاسەوانی ئاشکراو نهێنی وەك سەرۆکەکانی دیکەی نەبوو, تەنها ئۆتۆمۆبیلە بۆقییەکەی ئامرازی گواستنەوەی بوو, لە ئۆکتۆبەری 2015 کە چووە ئەستەمبوڵ لە میوانخانەیەکی 3 ئەستێرەیی خۆی و هاوسەرەکەی دابەزین, هەرچەندە کار بۆ هاووڵاتیانی ئۆرۆگوای دەکات وەلێ هاوکات سۆسیالستێکی نێونەتەوەییشە, یەکێکە لە ئەستێرەکانی کۆڕبەندی ساوپاولۆ , کە پارت و بزووتنەوە چەپەکانی ئەمەریکای لاتین لە ژێر چەترەکەیدا خۆیان

ڕێکخستووە, هەرچەندە قسە لە ڕووەو زۆر لێدوانی توندی دژ بە سەرکردە چەپەکانی ئەمەریکای لاتین داوە بە بزنی شێت و کوێرەو شتی وا ناوزەدیانی کردووە, لێ لە کاتی کێشەکاندا هاوڕێیەکی بەوەفایان بووە, لە زیندان سەردانی لۆلای کرد و پشتیوانی بۆ دەربڕی, پشتیوانی حکومەتی فەنزویلای کرد بەرامبەر شەڕی ئۆلیگارشییەکانی ناوخۆو ئەمەریکا, تا گەیشتە هاوسۆزی دەربڕین بۆ گەلی کورد لە باکوری کوردستان, لە هەرکوێیەك پێویست بکات ئەو ئامادەیە.

## هەمیشە لە پێشەوە

مۆخیکا لە ساڵی 1994 وەك ئەندامی پارلەمان هەڵبژێردرا, لە ساڵی 1999 وەك ئەندامی ئەنجومەنی پیران , لە ساڵی 2004 زۆرترین دەنگی لە لیستی بەرەی بەرفراوان هینایەوە ,لە ساڵی2005 بووە وەزیری سامانی ئاژەڵ, لە ساڵی 2008 لە وەزیری دەستیکێشایەوەو گەڕایەوە ئەنجومەنی پیران .
مۆخیکا لە هەڵبژاردنی 25ی ئۆکتۆبەری سەرۆکایەتی ئۆرۆگوای کە 89,9%ی دەنگدەران بەشداریان تێیدا کرد لە کۆی 2563397 دەنگدەر 2303336 کەس پشکداریان کرد لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا 1093869 کەس کە دەیکردە 49,6%ی دەنگدەران دەنگیان پێی داو نزیکترین پاڵێوراو نیوەی دەنگەکانی ئەوی هێنایەوە لە ناو 5 پاڵێوراوەکەی سەرۆکایەتی, لە خولی دووەمدا کە لە 29ی نۆڤەمبەری 2009 ئەنجامدرا توانی بەهێنانی 1183503 دەنگ کە دەیکردە 54,8% دەنگدەران بیباتەوە, هەرچەندە زۆربەی کاندیدەکان لە دژی هاوپەیمانیەتی موقەدەسیان پێك هێنا.

## چەپ و حوکمڕانی لە ئۆرۆگوای

ئۆرۆگوای لە نێوان ساڵانی 2001 بۆ 2002 بەهۆی دابەزینی ریالی بەرازیلی ونەخۆشی تای مانگاو قەیرانی دارایی ئەرجەنتینەوە تووشی داڕمانی ئابووری هات, داهاتی نەتەوەیی بە ڕێژی 11%دابەزی ,بێکاری بە ڕێژەی 20% بەرز بووەوە بە تایبەت لە ناوچە لادێیەکان , 40%ی هاوولاتیان باری ژیانیان بۆ ژێر هێڵی هەژراری دابەزی, لە ساڵب 1930

دا ئۆرۆگوای یەکێك بوو لە 10 وڵاتە دەوڵەمەندەکەی جیهان, هاوکات یاسای گرنگی هەبوو وەك 8 سەعات کار لە رۆژێك, پشوی دایکایەتی ,بۆیە ناونرابوو سویسرای ئەمەریکا, داهاتی تاك لە دابەزینی بەردەوامدا بوو, بە ناچاری وڵات 3,2 ملیار دۆلاری لە سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی قەرز کرد, ئەم قەیرانە ئابورییە رێگای بۆ چەپگەراکان خۆش کرد تا تاباری فاسکۆیزی پزیشك و سۆسیالست خوازی مارکسیست لە 3ی ئۆکتۆبەری 2004 سەرۆکایەتی بەرەی بەرین بکات بۆ گەیشتن بە دەسەڵات, ناوبراو لایەنگرێکی سەرسەختی هەژاران و پێشتر پارێزگاری شاری مۆنتینیگرۆی پایتەخت بوو, کە گەیشتە دەسەڵات دەرگای کۆشکی کۆماری بۆ هەژاران خستە سەر پشت, ئەوەی شایانی باسە لە ساڵی 1994 هەردوو پارتی رکابەری سەرمایەداری دەسەڵاتداری پێشوو یەکیان گرت دژ بە بەرەی بەرفراوان بۆ ئەوەی نەگات بەدەسەڵات کاتێك تاباری فاسکۆیز مایەوە بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردن.
خۆسێکا مۆخیکا ناسراو بە بیبی پشتیوانی فاسکۆیز بوو, تەنانەت ئەم گەریلایە لە کاتی سوێندخواردنەکەی لە تەنیشتییەوە بوو, چەپەکان پاش بە دەسەڵات گەیشتنیان لە نۆفەمبەری 2006 هەموو قەرزەکانی سندوقی دراوی جیهانیان دایەوە و رێککەوتننامەکەی لە گەڵیا هەڵوەشاندەوەو بێکارییان کەمکردەوە , هاوکات لەسەردەمی فاسکۆێزدا سەرۆکی پێشووی وڵات ماریا بوردابیری و جەنەرال غریغۆریۆ ئەلزاریز زیندانیکران بەهۆی پێشیلکاری مافی مرۆڤەوە دژ بە تۆبامرۆسیەکان و چالاکانی سیاسی, ئەمەش پاش بڵاوبونەوەی پەرتووکی لۆس ئەنیۆس ئۆسکۆرۆس 1967-1987 لە نووسینی مێژوونووسی ئەمەریکی سکوت مایرز رویدا.
کاتێك خۆسیە مۆخیکا خۆی پاڵاوت بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری راستگەراکانی ئۆرۆگوای ترسیان لێ نیشت ئەم گەریلا مارکسیستە بگات بە دەسەڵات, تەنانەت رکابەرە سەرەکیەکەی لویس لاکای لە هەڵمەتەکەیدا بە رابردووی تۆبامارۆسیەکەی ویستی نەیارەکانی بترسێنێت و لە خۆی کۆیانبکاتەوە , لێ هاووڵاتیانی ئۆرۆگوای سەیری مۆخیکایان وەك گەریلای تۆبامارۆس و وەك سیاسیەکی میانڕەو دەکرد لەم نێوەدا دابەش ببوون بەسەر دووبەرەدا, توندڕەو و میانڕەو , بە تایبەت لایەنگرانی ئەو لە کرێکاران و جوتیاران پێك دەهاتن و چاوەڕوانی گرتنە بەری سیاسەتێکی ئابووریانەی رادیکاڵیان لێدەکرد , مۆخیکا وتی من وەك تۆبامارۆس هەڵنەبژێردراوم, وەلێ نکۆڵی لە رابردووم ناکەم, کە راستگەراکان دەسەڵاتیان بەجێ هێشت پاش ئەو قەیرانەی وڵاتی تێکەوت,

بەرهەمی نەتەوەیی دارمابوو بۆ 12,067 ملیار دۆلار لە ساڵێك,کە بیبی کورسی سەرۆك کۆماری جێ هێشت بەرهەمی نەتەوەیی وڵات گەیشتە 40,285 ملیار دۆلار , بیبی تەنها ژیانی خۆی چاك نەكرد, باری ژیای هەمووانی گۆڕی, بۆیە جێی خۆیەتی بە باوکی راستەقینەی گەل ناوببردرێت, ئەو ناوە تەنها پڕ بە پێسستێتی سیاسییەکی ئەفسوناوی ئاوایە.
ئێستا دوای مەرگی بیبی, کە ئۆرۆگوای بەجێهێشت, پۆستی سەرۆك کۆماری و پارێزگاری پایتەختیان بە دەستەوەیە.

**ئەزموون لە بیبییەوە**

14 ی "ئابی 2018" سەرۆکی پێشووی ئۆرۆگوای مۆخیکا ناسراو بە بیبی، وەك هەمیشە، جارێکی دیکە خۆی ئۆتۆمبێلە شینە بۆقییەکەی بونەوە سەردێری هەواڵەکانی جیهان، وەك سیاسییەك جیا لەوانی دی نیشان درایەوە، پاش ئەوەی دەستی لە ئەندامێتی ئەنجومەنی پیران کێشایەوە بێ وەرگرتنی خانەنشینی، کە لە ساڵی 2014 ەوە ئەندامی ئەنجومەنەکە بوو، هەرچەندە خۆ کاندیدکردنی بۆ پۆستی ئەنجومەنی پیران خۆی لە خۆیدا نیشانەی سادەیی ئەم سیاسەتمەدارەیە کە بە باوکی هەژاران لە وڵاتەکەیدا ناسراوە، پێشتر سەرۆکی وڵات بوو, ناوبراو رایگەیاند لە ئێستا بەدواوە خۆی تەرخان دەکات بۆ کاری سیاسی بزووتنەوەی بەشداری گەل (MPP)،
بیبی باوەڕی وایە , ئەوەی عاشقی پارەیە جێگای نییە لە سیاسەت, منیش ئەوەی بۆ زیاد دەکەم بەتایبەت لە بزاڤی چەپدا جێگای عاشقانی پارە نابێتەوە, لە نێوان گیرفانی خود و گیرفانی گەلدا دەبێت وەك بیبی گیرفانی گەل هەڵبژێردرێت, چەپەیاتی تەنها ریزکردنی وشەی دادپەروەری و یەکسانی نییە, تەنها بوون بە ئەندام لە پارتێکی شیوعی یان مارکسی یاخود سۆسیالستی نییە, بەڵکە سەرەتا کوشتنی ئارەزوە کەسییەکانە و تاواندنەوەیەتی لەناو داخوازەکانی خەڵك, خود بۆ خەڵك, نەك خەڵك بۆ خود, چەپایەتی پێش ئەوەی فکر بێت پەیمانێکی ئەخلاقییە, دیارە بە بێ تێۆری شۆڕشگێڕانە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە دروست نابێت, بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەش ئەگەر ئاکارو رەوشت و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانە بەرهەم نەهێنێت ئاکامی دارمانە.

بیبی رۆیی وەك جەستە, وەلێ وە ئاكار سەلماندی سەرۆك دەتوانێت دیوارو پەرژینی كۆشك و ماڵەكەی لە گەڵ خەڵك بڕوخێنێت, زیندانەكان بكات بە باخچەی گوڵ و رێحانە, نەك باخچەكان بكات بە بەنزینخانە.

009647503714620